# ئازادی دینداری
# یا ئاڵۆزکردنی بارودۆخی کوردستان

به دواداچوونێک لەسەر ڕوو لە مەسیحیەتکردنی هەندێک لە خەڵکی کوردستان

ابراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

لەگەڵ گرێدانی دواکۆنگرەی کڵێسای کوردی زمان لە شارۆچکەی عەنکاوەی هەولێر لە 12-04 ئەمساڵ، کۆمەڵێک کاردانەوەی هەمە جۆر لە لایەن هەندێ پارتی ئیسلامی و تەنانەت کریستیانیش ڕاگەیەنران.

پێشتریش لە ئەوروپا چەند جارێک تازە کریستیانە بە ئەسل مسوڵمانەکان کۆبوونەوەی هەمەجۆریان ڕێک خستووە، لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا وەکو چاودێر لە هۆڵەندا خۆم ئامادەبووم و لە نزیکەوە گفتۆگۆم لەگەڵ کردوون و ئاگاداری بەرێوەچوونی کۆنفرانسەکە بووم، ڕاپۆرتێکیشم لەو بارەوە لە هاوڵاتی ژمارە (213)دا بلاوکردەوە.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە بۆ گەنجی کورد دەبێتە کریستیان؟؟؟ ئایا مۆتیفی ئابووری لە پشتەوەن وەکو هەندێک لەو ڕاپۆرتانەی کە لەو بارەوە بلاوکرانەوە و پێیان لەسەر داگرتووە، یا کرانەوەی خەڵکی کوردە بەرەو دونیای تر و کۆچبەری ئەو خەڵکانەیە بەرەو ئەورووپاو دونیای کریستیانەکان؟ یان ئاڵۆزی ئەو بارودۆخەیە کە مرۆڤی کورد تێیدا دەژیێ، بە تایبەتیش دوای دروست بوونی ئەو بۆشاییانەی کە کۆمەڵگای کوردی تا هەنوکەش پێیدا تێپەڕ دەبێ.
بۆ خەڵکی کورد دینیان دەگۆڕن؟؟
ئیشکالیەتەکە لە خودی دینی زۆرینەی کوردە؟؟ یا لە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی فەشەلی ئیسلامیەکانە لە جوانکردن و نزیککردنەوەی دین لە تاکی کورد و ڕای گشتی خەڵک؟ یا ئەو تەوژمە گەورەی ناشیرینکردنەیە کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێتە سەر ئیسلامیەکان؟؟

ئایا ئەگەر مرۆڤ دڵنیایی بە دینێک لە دەستدا پێوست دەکا بە دوای دینێکی تردا بگەڕێ؟؟ یا ئەو دین گۆرینە پرۆسەیەکە ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە بە سوود وەرگرتن لەو هەلومەرجانەی کە بارودۆخی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێ؟؟

ئایا مرۆڤی کورد کێشەی دینی هەیە؟؟ یا کێشەی ڕاستەقینەی خۆی ون کردووە و نایشی دۆزێتەوە، بۆیە سەری لێشێواوە؟؟
بۆ خەڵکی کورد بە دوای دینی تازەدا دەگەڕێن؟؟
ئەو پرسیارانەو کۆمەڵێک پرسیاری تر یەقەی هەموو ئەو کەسانە دەگرێ کە دەیانەوێ بە وردی لەو بابەتە بکۆڵنەوە و وەڵامی شایستەی بۆ بدۆزنەوە.

لێرەدا دەمەوێ بە دوا پرسیار دەست پێ بکەم، ئایا کورد کێشەی دینی هەیە؟
تا دوای ڕاپەڕین دین بە شێوەیەکی زەق ئیشکالیەتێکی ئەوتۆی دروست نەکردبوو لە لایەن مرۆڤی کورد. بێجگە لەو کۆمەڵە پرسیارەی کە بۆچی دین دەکرێتە چەکێک بۆ لێدانی کورد و ئەنفال کردنی؟

لەوەتی کێشەی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان وەکو بزاڤێکی جەماوەری شۆڕشگێری چەکداری دەستی بە چالاکیەکانی کردووە، دین لە دوور و نزیک ئیشکالیەتێک نەبووە لای تاکی کورد، مەگەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی شیعە مەزهەبی ئیسلامی لە سەرانسەری ئیران تاکی کورد لە ڕووی مەزهەبیشەوە کەوتبێتە ژێر گوشارێکی تر لەگەڵ هەموو ئەو گوشارانەش کە لە ڕووی نەتەوەییەوە دووچاری بونەتەوە، ئەویش گوشاری مەزهەبی بووە. ئەگینا دەوڵەتانی داگیرگەری کوردستان هەمیشە بە بەهێزبوونی گیانی دینداری لای کورد دڵخۆش و ئاسوودە بوون، چونکە ئەو بەهێزبوونە هەمیشە فاکتەرێکی پۆزەتیف بووە بۆ کزبوونی گیانی بەرهەڵستکاری لە دژی دەسەڵاتدارانی داگیرکار. ئەو پرسەش هێندە پەیوەندی بە خودی دینەوە نیە بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە نەفسیەتی مرۆڤەوە هەیە، ئەویش کاتێک کە

مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاک یا کۆمەڵ هاوڕاو هاوبیر دەبن ڕەهەندەکانی ناتەبایی و ناجووری کەمدەبنەوە، بەڵام چونکە داگیرکار هەوڵی لە باربردن و سڕینەوەی ئیدنتیتەی نەتەوەیی تاکی کوردی داوە لە لایێک و کاریشی لەسەر فاکتەری دینی کردووە لە لایێکی تر بۆ بەنجکردن و هەستنەکردن بە گوشارە نەتەوەییەکان تا زەمەنێکیش ئەو پرسە درێژەیی بووە بە حوکمی کزی بیری نەتەوەبوون و جیاوازی لای تاکی کورد. بەڵام دوابەدوای بە هێزبوونی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لای گەلانی دراوسێی کوردستان کوردیش بە شێوەیەکی پچرپچڕ و لۆکاڵی هوشیاری نەتەوەیی لا دروست بوو دەستی بە بزاڤی نەتەوەیی خۆی کردووە. ئەگەر چی ئیسلامیەکانی کورد هەندێک جار هەوڵ دەدەن مۆرکی ئیسلامی بەسەر ئەو بزاڤانەشدا ببڕن و مۆتیفە نەتەوەییەکانی لێ دووربخەنەوە. دیارترینی ئەو بزاڤانەش لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم  بزاڤی شێخ سەعیدی پیران بوو، د. ئازاد گەرمیانی(1) پێی وایە بۆ زیندووکردنەوەی خیلافەت بووە نەک بزاڤێکی نەتەوەیی تەواو، ئەگەر چی ئەم ڕاڤەکردنەش هەر ئەوە ناگەیەنێ کە کورد ئیشکالیەتی دینی هەبووبێ. بۆیە کە دێینە سەر مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان ئەستەمە ئیشکالیاتی دینیمان بەرچاو بکەوێ، بەڵگەش بۆ ئەو پرسە بەشداربوونی هەوادارانی ئایین و ئایینزاکانی تری کوردستان بووە لە بزاڤی ڕزگاری کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە خودسەرو داگیرکەرەکان بوون شانبەشانی زۆرینەی خەڵکی مسوڵمانی کوردستان.
ئەی بۆ دەبێ ئەمڕۆ دوای ئازادی بەشی باشووری کوردستان دین ببێ بە ئیشکالیەت؟ بە بۆچوون و تێڕوانینی خۆم کۆمەڵێک هۆکاری هەمەجۆر هەن، بۆیشی هەیە لە داهاتووی دوور ئیشکالیەتەکە گەورەتر بێ ئەگەر چارەسەری بۆ دانەنرێ.

هەڵبەت پێموایە چەند ئەو ئیشکالیەتە پەیوەندی بە خودی دینەوە هەیە هێندە بە خودی هۆکارە دەرەکیەکانەوە هەیە. ڕژێمی سەددام زۆر بە جیددی هەوڵی داوە کار لەسەر ئەو ئیشکالیەتە بکات و فاکتەرە ناجورەکان زەقتر بکاتەوە. لەوانەش بەکارهێنانی ناوی سەرکردە مسوڵمانەکان لە ئۆپەراسیۆنە نەپچڕاو و یەک لەدوا یەکەکانی لە دژی خەڵکی کوردستان، ناونانی کەمپینی سەربازی و لەشکر و هێزە سەربازیەکان بە ناوی ئەبوعوبەیدە و قەعقاع و خالید و هەتا دوایی، هەروەها بەکارهێنانی عەرەبە شیعە مەزهەبەکان لە عەرەباندنی زۆرێک لە شار و دێهاتەکانی کوردستان بە ئامانجی عەرەباندن و نانەوەی کێشەی مەزهەبیش لە نێوان عەرەبی شیعە و کوردی سوننە، ڕەواجدان بەو کتێبانەی کە بیری سەلەفیان لای گەنجی کورد بە هێز دەکرد، بە پێچەوانەی ئەو کتێبانەی کە لەسەر فیکری ئیسلامی دەنوسران. ئەمەش هەمووی زەقکردنەوە بوو بۆ هزری دینداری و لە بەرامبەریشدا بێهێزکردن و کزکردنی بیری نەتەوەیی.

بەو جۆرە سەددام هەوڵیدا پرسی دینداری لای تاکی کورد زەق بکاتەوە، لە لایەک بە ناشیرینکردنی خودی ئیسلام و کزکردنی بەها ڕوحیەکانی دین لای تاکی کورد، لە لایێکی تریش زەقکردنەوەی پراکتیزەکردنی خواپەرستی و تەقسەکان بە ڕەواجدان بە سەلەفیەتی دینی، ئەو هۆکارەش وای کرد لە لایەک تینوبوون و بۆشایی ڕوحی لای تاکی کورد دروست بکات، لە لایێکی تریش بە هێزکردنی جیاوازی لای ئەو گەنجانەی کە ڕایان لە ڕەفتار و هەڵس و کەوتی مەلایانی دینی نەبوو بە بیانۆی ئەوەی کە ئەوان ڕاستەوخۆ ناگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی ئیسلام، ئینجا بەهێزکردنی پرسی تەکفیر لای ئەو گەنجانە بە ڕەواجدان بەو جۆرە کتێبانەی کە ئەو جەدەلیەتە بە هێز دەکەن. بۆیە کار گەیشتە ئەوەی کە ئەو ڕەوتە بە هێز بێت و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە کافر و هەڵگەڕاوە لە دین لە قەڵەم بدەن. تا بەو دەرەنجامانە ڕادەگات کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەیە، هەر لە گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە بگرە تا بە میانە ڕەوەکان ڕادەگا کە پێم وایە جیاوازی ئەوان هێندە لە چۆنایەتی نیە هێندەی لە چەندایەتیدا هەیە. یا هێندە لە ناوەرۆکدا نیە هێندەی لە ئامرازەکاندا هەیە.

هەڵبەت ڕووبەری زۆرینەی تاکی کورد بەو دووڕیانەدا دەکەوێ کە سەددام و  داگیرکەری کوردستان دروستی دەکەن لەو ڕووبەڕووبوونەوە دژوارەی کە لە دژی خەڵکی کورد، هەندێ جار بە ناوی دینەوە بە ڕێوە چووە. پرسی نەتەوەیی و دڕندەیی دوژمنانی کورد وای کردووە بەها دینیەکان بە چاک و خراپەوە ڕەد بکرێنەوە، هەروەکوو داگیرکەرانیش سوودیان لەو بەها دینیانە بینیوە و بێ سڵەمینەوە لە بەها ئەخلاقیەکان بەکاریان هێناوە. بۆیە دەرەنجامێکی ئاساییە تاکی کورد نیشانەی پرسیار بەرامبەر هەموو بەها  دینیەکان دابنێ، هەروەکو دەبێتە دەرەنجامێکی ئاساییش کە ئەو خەڵکانە بە لایێکی تردا بکەون، بە تایبەتیش کە هەندێک لە ڕەفتاری ئیسلامیەکان لەگەڵ ڕاڤەو ڕەفتارەکانی بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەمامکراو بە ئیسلام تێکدەکاتەوە.
هۆکارێکی گرنگی تر لە هۆکارە سەرەکیەکانی بە جێهێشتنی دین لای تاکی کورد خودی بزاڤی ئیسلامی کوردستانە. ئەوان بە درێژایی تەمەنی خۆیان هێندەی کاریان بۆ پرسەکانی عەقیدە و پراکتیزەکردنی ئیسلام کردووە بە هیچ جۆرێک کاریان لەسەر داخوازی و ویستەکانی تاکی کورد نەکردووە، بە مانایەکی تر هەڵقوڵاوی ویست و خواستی کۆمەڵگای کوردستان نەبوون، بە قەد ئەوەی ڕەنگدانەوەی خورت بوونی بزاڤی ئیسلامی نەتەوە سەردەستەکان بووون.  ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو فیکر و بیرو هزرە

هەمەجۆرانە بوون کە لە میسر و سعودیە و ئیران سەری هەڵداوە. تا هەنوکەش ئەو بزاڤە پرۆژەیەکی واقیعی نیە بۆ کێشەی نەتەوەیی کوردستان. هێندەی لە پانتاییە تەقلیدیەکان دەجوڵێنەوە تا هەنوکەش بزاڤێکی کارای پۆزەتیف نین بۆ پرسی نەتەوەیی کوردستان. نەیانتوانیوە دابەزنە گۆڕەپانی پێویستی و خواستەکانی تاکی کورد و لە باڵاخانەکانی تیۆر و پرسە مێژوویەکان دەربچن و ببنە بزاڤێکی جەماوەری پێشکەوتنخواز. ئەوانیش وەکوو هەموو پارتە کوردستانیەکانی تر لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە دەستیان بە بەکارهێنانی توندوتیژی کرد لە دژی یەکتر و حیزبەکانی تر ئاسا دەستیان چووە خوێنی رۆڵەکانی گەلی کورد بێ تەماشاکردنی هۆکار و دەرەنجامەکان. ئەو هەموو پرسانە وایان کرد ئەوەی کە خەڵکی بە ترس و بیم و چاوەڕوانیەوە تێی دەڕوانین، لەسەر زەوی واقیعدا هاتە دی و بە شێوەیەکی زۆر نێگەتیف هەڵس و کەوتیان کرد و ئەو بزاڤەشیان وەکو ئەلتەرناتیف لە گۆڕ نا بە هۆی وێناکردنیان بۆ پرسی نەتەوەیی وەکو پرسێکی گوناهو بۆگەن . بەڵکو هەندێ جار هۆکاری کاریگەریش بوون لەسەر ناشیرین کردنی بەها دینیەکانیش و ڕەواندنەوەی خەڵک لەسەر هەموو شتێک کە پێی دەڵێن دین. دەرەنجامیش دروست بوونی بۆشایی ڕوحیە و گەڕانە بەدوای ئەلتەرناتیف.

ئایا کریستیانی یان مەسیحیەت ئەلتەرناتیفە بۆ کێشەی ڕوحی و نەتەوەییش لە کوردستان، دوای ئەوەی ئیسلامیەکان لەو سەنگەرە فەشەلیان هێنا؟ پێم وایە لە وەڵام دانەوەی ئەو پرسە دەبێ زۆر وریا بین و نەکەوینە ناو سۆزداری هەڵ و مەرجەکانی ئەمڕۆی دونیا. خودی ئەو کریستیانە نوێیانە و تەنانەت هەندێک خەڵکی ئەتایستیش (Atheïsme)(2) بە شێوەیەکی پۆزەتیف ئەو بزاڤی کریستیانیە هەڵدەسەنگێنن و بە تەریب بوون لەگەڵ هەڵ و مەرجی ئەمڕۆی دونیا لێکی دەدەنەوە. پێم وایە ئەوان کەتوونەتە هەڵەیەکی زۆر گەورە ئەگەر وا تێبگەن کێشەی کورد بەرەو پێشەوە دەڕوا ئەگەر خەڵکی کورد ببێتە کریستیان. ئەوان لەوە بێئاگان کە کۆمەڵێک پرسی زۆر گەورە لە ئارادان و کۆسپن لە پێش ئەو گۆڕینە. لە پێشەوەی هەموو ئەو کۆسپانە، بۆی هەیە پرسی دینی و جیاوازیە دینیەکان گەورەتر و زەقتر ببنەوە و خەڵکی کوردستان لە کێشەی سەرەکی خۆی دووربخاتەوە و بیخاتە ناو ململانێیەکی دینی چاوەڕوان نەکراو، چونکە زۆرینەی خەڵکی کورد مسوڵمانن و ئەگەر دینداریش نەبن هەستیارن بەرامبەر پرسی دین گۆڕین، ئەو پرسە پەیوەندی بە لایەنی نەفسی و کۆمەڵایەتی تاکی کوردەوە هەیە. خەڵکی کورد لە هەموو حاڵەتەکان لە ڕەوشێکی دینداری خەست چاویان کردۆتەوە، بۆیە گۆڕینی دین بۆی هەیە ئیشکالیاتی زیاتر دروست بکات، هەستی ئیسلامەتی توندتر و بە هێز تر بکات، بێجگە لەوەی کە پرۆسەی دین گۆڕین هەڵ و مەرجی مێژووی، ئابووری، کۆمەڵایەتی جیاوازی گەرەکە. لە زەمەنی ئەمڕۆدا بیرکردنەوە لەو پرسە لە وەهمێکی گەورە زیاتر شتێکی تر نیە. لە لایەکی تر ئەوە فاکتەری دینی نین کە دەسنیشانی سیاسەتی وڵاتە یەککرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا دەکات، بەڵکو ئامادەن لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان تەنانەت هەموو بەها ئەخلاقیەکانیش لە گۆڕ بنێن. ئەگەر تەیموری ڕۆژهەڵاتیش بکرێ بە نمونە ئەوا ئەو وڵاتە لە هەڵ و مەرجی تایبەت و جیاواز ژیاوە و بە قۆناغێکی دیار و تایبەت تێپەڕ بووە و داگیرکراوە. لە سەرەتاوە دینیان جیاواز بووە و لەبەر هۆکارە دینیەکانیش چەوسێنراونەتەوە. بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵ گەلانی دراوسێ دین نەبووە و ناشبێ بەڵکو پرسی نەتەوەیی بووە کێشەی مان و نەمان بووە لەبەر جیاوازی نەتەوەییمان نەک جیاوازی دینی. هەر پرسی نەتەوەییشە درێژەی دەبێ لە ململانێی نێوان گەلی کوردستان و داگیرکەرانیدا. کوردستان ئازاد بێ بۆی هەیە گەلی کورد زۆر بە تەبایی و دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بژیێ ئەگەر ئەوان بەتەواوەتی دەست لە فراوانخوازی و چاوبڕین لە بەهاکانی کوردستان هەڵبگرن. خۆ ئەگەر بهاتبایە گەلی کورد دینیان جیاواز بوایە بۆی هەبوو تراژیدیاکان زۆر گەورەتر و کارەساتتر بوان، ئەگەر چی ئەمڕۆش درێغیان لە پاکتاوی ڕەگەزی کورد نەکردووە بە ئامرازی هەمەجۆر.

پێم وایە هۆکارەکانی ڕوو لە بیروباوەڕی کریستیانی کردن لە ئەورووپا وێڕای ئەو هۆیانەی سەرەوە کە باس کران هۆکاری ئابووری و پرسی مانەوەی لە پشتە لەو وڵاتانەدا. زۆرێک لەو خەڵکانە بەداخەوە بە مۆتیڤی نەبوونی مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە) و ژیان لە ئەورووپا و هەندێ جار خراپی باری ئابووری ڕوو لە کڵێسا دەکەن. وێڕای ئەوەش کە بزاڤی کڵێساکان لە ئەورووپا بە هێزە و سەرمایەیەکی گەورەی لە پشتەوەیە، بۆیە پێم وایە مۆتیڤی تایبەتی تاکە کەسین کە پاڵ بەو خەڵکانە دەنێن دینیان بگۆڕن کە لە خۆیدا و لە زۆر حاڵەتدا دین گۆڕین نیە بەقەد ئەوەی هەڵبژاردنە، ئەگەر لەژێر کاریگەری هەڵ و مەرجی تایبەتیشدا بێ. چونکە بەڕای من زۆرێک لەوانە ئەگەر لە دایک و بابێکی مسوڵمانیش بووبن بەڵام پەیوەست بوونیان بە ئیسلامەوە یا هەر نەبووە یا زۆر کز بووە، بۆیە ئەوانە بێجگە لە هۆکاری ئابووری و مۆڵەتی مانەوە زۆر جاران لە بۆشاییێکی ڕوحیدا دەژیێن و پێویستیان بە خەڵکانێک هەیە دەستیان بگرێ. ئەوانە لە ناسک ترین و لاوازترین کاتەکانی ژیانیان یا بەسەر کەسانی کریستیانی دینداردا دەکەون یا ئەوەتا پەیوەندی لەگەڵ ژنی ئەورووپیدا دروست دەکەن و خێزان پێکدەهێنن. لە ئاکامیشدا دەکەونە ژێر کۆمەڵێک کاریگەری هەمە جۆر و پەیتا پەیتا ئەو قالبە کۆنەی کە لە وڵات و کۆمەڵگای پێشینەی هەیبووە دەشکێن و بە ئاسانی بیروباوەڕە نوێیەکە هەڵدەگرێ.

بۆیە دەتوانم ئەوە بڵێم کە پرسەکە پەیوەندی بە باشی و باشتری ئەو دین و دینێکی ترەوە نیە لە کێشەی هەڵبژاردندا هێندەی پەیوەندی بە کۆمەڵێک هەڵ و مەرجی تایبەتەوە هەیە کە ئەو کەسە تێی دەکەوێ. واش پێدەچێ ئەوان پرسی نەتەوەیی بکەنە دەمامکێک و بیکەن بە مۆتیڤێک بۆ پرۆسەی گۆڕین. ئەو پرسەی کە ئیسلامیەکان تا هەنوکەش پێویستیان پێی نەبووە بەکاری بێنن بۆ فراوانبوونیان، بەڵام ئەوان پێویستیان پێیەو بە شێوەی هەمە جۆر کاری لەسەر دەکەن. لە بوونی ئەو جۆرە هەڵ و مەرجانەش زۆر ئاساییە کە بزاڤێکی کریستیانی کوردستانی وەکو بزاڤی دیموکراتی ئاشووری ئەو گۆڕانکاریانە قبوڵ نەکات، چونکە بۆی هەیە گرژی دینی دروست بکات و بارودۆخی ئەوانیش ئاڵۆز بێت و سەخڵەتیان بکات. ئاشکراشە تا هەنوکەش و دوای سەدان ساڵ شەڕێکی دینی بەربڵاو لە کوردستان تۆمار نەکراوە، چونکە دەمارگیری دینی بەخۆوە نەبینیوە.

ئایا ئەگەر مرۆڤ دڵنیایی بە دینێک لە دەست بدا پێوست دەکا بە دوای دینێکی تردا بگەڕێ؟؟
پێم وایە دین پرسێکی تاکە کەسیە و هەر تاکێک ئازادە لەوەی چۆن بیردەکاتەوە و چی هەڵدەبژێرێ، بەڵام ئەو جۆرە کۆبوونەوە و کۆنفرانسانە جێگای پرسیار و ڕاڤەکردنن. ئەگەر زۆر هوشیارانەش لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە جموجۆڵ نەکرێ بێگومان بۆی هەیە گرژی زیاتر دروست بکات. بۆی هەیە لەسەر ئاستی ڕێکخراوی کارا کار لەسەر گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵک بکرێ، بەڵام ئایا ئەوە لە خزمەتی کێشەی نەتەوەیی کوردستان دایە؟ بە دڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر، گومانم هەیە لەوەی کە پرسی دینی و زەقکردنەوەی ئەو پرسە خزمەتی کێشەی نەتەوەیی کوردستان بکات. ئەو کات بێگومان لایەنی تریش دێنە سەر خەت و بۆی هەیە کوردستان بەرەو ڕووگەیەکی تر بڕوات و لە ئاکامیشدا لەسەر حیسابی ئازادی و سەربەخۆیی و ئاسوودەیی خەڵکی کوردستان بێ. خۆ نارەزایی دەربڕینی یەکگرتووی ئیسلامی لە بۆشاییەوە نایەت، ئەمە سەرەتایەکە بۆ گرژبوون و کاردانەوەی بەرامبەر. بە تایبەتیش کە بزاڤە ئیسلامیەکان خەستکردنەوەی دینداری و ئیسلاماندنی واقیع و زەقکردنەوەی پرسی موئامەرە بە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەزانن. بۆیە لەسەر لایەنی دەسەڵاتداریش پێویستە لەم ڕووەوە زۆر حەکیمانە ڕەفتار بکات، هەمیشە بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان لەبەرچاو بگرێت.

* * *

(1) د. ئازاد گەرمیانی: حركة الشيخ سعيد پيران: ثورة خلافة ام دولة كوردية؟ گۆڤاری ئاڵای ئیسلام (ساڵی یازدەمین، ژمارە سێ، مانگی نۆی 1997).

(2) ئەتایزمە (Atheïsme): ئەتایزمەکان ئەوانەن کە بڕوایان بە بوونی خودا نیە و هەموو دینێک ڕەد دەکەنەوە. هەندێک لە لێکۆڵەکران (Atheïsme) بە بیروباوەڕێکی تازە دادەنێن. ئەگەر چی ئەو جۆرە کەسانە لە کۆمەڵگای کوردی هەن و بەرەو زیادبوونیش دەچن لێ تا هەنوکەش لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نەکراوە. هەندێک لەوانە لەبەر کاردانەوەی توندیان بەرامبەر ئیسلام دەستخۆشی لەو بزاڤە نوێیەی کریستیانی کوردستان دەکەن، هەڵبەت بە مۆتیڤی نەتەوەیی.

* لە ژمارە 193ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوبۆتەوە.